# كۆپ 28 و دابەشبوونێكی دیكەی بەرهەمهێنەران و بەكارهێنەرانی نەوت

30-11-2023

**نووسەرەكان**

مەحموود بابان

**كورتە :** ئێستا، ئەوەی بەڕوونی دەردەكەوێت تای هەردوولایە بە پرۆسەكەیە. نە باشكردنی گوزەرانی ئەوانەیە كە وزەی پێویستیان نییە وەک ئەوەی كە ئۆپێک دەیڵێت، هەروەها وەک ئەوەش نییە كە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە هۆشداریی لەبارەیەوە دەدات، بەتایبەتیش گۆڕانكارییەكانی كەشوهەوا، چونكە پرسەكە پارەیە و پرسی بردنەوەی شەڕێكی گەورەی مێژووییە لە بواری وزە

ئەم ڕۆژانە، هەموو جیهان چاوی لە یەکێک لە گەورەترین کۆبوونەوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئیمارات دەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، خۆگونجاندن و تەرخانکردنی پارە بۆ ڕێگریکردن لە زیادبوونی کارەساتە سرووشتییەکان و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و کەمکردنەوەی کاریگەییەکانی ئەو گۆڕانکارییانە لەسەر هەسارەی زەوی، کە بە کۆپ 28 ناسراوە، لەهەمان کاتیشدا بازاڕەکانی جیهان و نەوت بەتایبەت، چاوەڕوانی بڕیارەکانی کۆبوونەوە دواخراوەکەی ئۆپێک و ئۆپێک پڵەس دەکەن.

کۆپ یاخۆد کۆنگرەی پارتەکان (Conference of the Parties (COP لە ساڵانی نەوەدەکانەوە لە ژاپۆن کە بە cop3 ناسراوە بەڕێوەچووە، بڕیاریشە لە ڕۆژانی داهاتوودا لە ئەبوزەبی لە ئیمارات بەڕێوەبچێت.

بەپێی داتا بەردەستەکان، تاوەکو ئێستا زیاتر لە 70 هەزار کەس، لەنێویاندا سەرۆک و سەرۆکوەزیرانی 198 دەوڵەت و حکومەتی جیهان بەتەنیشت هەزاران بڕیاربەدەست، زانا، شارەزای بوارە جیاوازەکان، سەرۆک و ئەندامانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و گرووپە جیاوازەکانی گەنجان بەشداریی لە گفتوگۆکاندا دەکەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و چۆنیەتی تەرخانکردنی پارە بۆ پرۆژەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی لافاو، وشکەساڵی، سووتانی دارستانەکان و کەمبوونەوەی ڕووبەری سەوزایی لە وڵاتان، بەتایبەتیش وڵاتانی جیهانی سێیەم یاخود تازەگەشەکردوو، بەڵام ئەوەی لەم مانگەدا بینرا، دەردەخات کە لەوانەیە هەموو ئاڕاستەکان بەمشێوەیە نەبێت، بۆ نموونە ئەم ڕۆژانە کار گەیشتە ئەوەی ئۆپێک ڕاگەیێندراوێک لەبارەی دوایین ڕاپۆرتی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە لەبارەی داهاتووی نەوت و گۆڕانی کەشوهەوا دەربکات، چونکە ڕاپۆرتە نوێیەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە ئاماژە بەوەدەکات "بەرهەمهێنەرانی نەوت و گاز ڕووبەڕووی هەڵبژاردنێکی گرنگ بوونەتەوە سەبارەت بە ڕۆڵیان لە سیستەمی وزەی جیهانی، ئەویش لەنێوان خراپتربوونی قەیرانی کەشوهەوا یاخود باشکردنی کە بەشێکی زۆری بەهۆی بەرهەمەکانی ئەوانەوەیە". لە هەمان کاتدا هەیسەم ئەلغەیس، سکرتێری گشتی ئۆپێک ڕایگەیاند "ئۆپێک و ئۆپێک پڵەس تەنیا نرخی نەوت ناکەنە ئامانج، بەڵکوو فۆکەسی لەسەر بنەماکانی بازاڕ و ڕۆڵی دەگمەنی وەبەرهێنان لە نەوت دەبێت، کە جیهان پێویستی پێیەتی."

هەروەها، یەکێکی دیکە لە جیاوازییەکان پەیوەستە بە پێشبینییەکان بۆ نەوت لە ساڵانی داهاتوودا، بۆ نموونە ئۆپێک پێشبینی دەکات؛ لەماوەی 2022 بۆ 2028 خستنەڕوو بە بڕی 6.98 ملیۆن بەرمیل زیاد بکات، بەڵام IEA پێشبینی دەکات لەو ماوەیەدا تەنیا 3.96 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیاد بکات.

بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، ڕاپۆرتەکەی ئەمساڵی ئۆپێک 6 ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی زیادکردووە بۆ خواستی جیهان بۆ نەوت، لەکاتێکدا بەپێی ئاسۆی نەوت 2022، خواست بۆ نەوت لە 2045ـدا دەگاتە 110 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، بەڵام لە ئەمساڵدا هاتووە کە لە 2045ـدا دەگاتە 116 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، چوار بنەمای سەرەکیشی بۆ ئەم خواستە زۆرە بەستووەتەوە: زیادبوونی دانیشتووان، گۆڕینی دیمۆگرافیای ژیان، گەشەکردنی ئابووری و بەتایبەتیش دەرکەوتنی خێرایی وڵاتە تازە گەشەکردووەکانی وەک هیندستان، سیاسەتی وزە و تەکنەلۆژیا و داهێنانەکان، بەتایبەتیش زیادبوونی خواست لەنێوخۆ و دەرەوەی وڵاتانی ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەپێدانی ئابووری (OECD)ـەوە. لەهەمان کاتدا ئاژانسی نێودەوڵەتی ئاماژە بەوە دەکات؛ لە 2050 خواست بۆ نەوت دەگاتە 54.8 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا"، کە نیوەی ئەوەیە کە ئۆپێک پێشبینی دەکات بۆ خواست لە جیهاندا لە 2045ـدا.

لە بەرامبەردا و لە دژی یەکەمی ڕاپۆرتەکەی IEAـدا هاتووە "ئەمڕۆ دوای 50 ساڵ لەو شۆکەی نەوت کە بووە هۆی دامەزراندنی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە، جیهان جارێکی دیکە ڕووبەڕووی ساتەوەختێکی بەرزیی گرژی جیۆپۆلەتیک و نادڵنیایی کەرتی وزە بووەتەوە". بەپێی ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، لە ئەم ساڵەوە تاوەکو 2030 بەڕێژەی 7% خواست بۆ هەر سێ جۆرەکەی وزە؛ نەوت، گاز و خەڵووز کەمدەبێتەوە، ئەویش لەکاتێکدا نەوت، گاز و خەڵووز بۆ دەیان ساڵە نزیکەی 80% کۆی وزەی بەکارهێنراو یاخود سەرچاوەی دابینکردنی وزە بوون، بەڵام لە ئێستاوە، ڕوو لە دابەزین و تاوەکو 2030 دەگاتە ڕێژەی 73%.

هەروەها، یەکێکی دیکە لە جیاوازییەکان وایکردووە پێشبینییەکان بۆ داهاتووی نەوت لەنێوان بەکارهێنەران و بەرهەمهێنەران بەمشێوەیە بێت، پەیوەست بە هۆکارەکانی گواستنەوە، چونکە نزیکەی نیوەی نەوتی بەکارهێنراو بۆ کەرتی گواستنەوەیە. هەربۆیەش لەرووی جۆری بەکارهێنانی نەوتیشەوە، کەرتی گواستنەوە بەپێی ئۆپێک لەماوەی پێشبینییەکاندا واتە 2022-2045، بە بڕی 4.6 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا زیاد دەکات و، چاوەڕواندەکرێت بگاتە ئاستی بەکارهێنانی 49 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بۆ گواستنەوە.

لەبەرامبەردا، ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە ئاماژە بەوە دەکات "لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا خواست لەسەر نەوت بە بڕی 18 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا زیادیکردووە، کە بەشێکی زۆری ئەم بەرزبوونەوە بەهۆی زیادبوونی هۆکارەکانی گواستنەوە و ئۆتۆمبێل بووە، کە خۆی لە 600 ملیۆن ئۆتۆمبیل دەبینێتەوە و، ڕێژەی 45% خواست بۆ نەوت پێکدەهێنێت، بەڵام لەکۆتاییەکانی ئەم دەیەدا هیچ زیادبوونێک بۆ نەوت لە هۆکارەکانی گواستنەوە نایەت، چونکە لە 2020 ئۆتۆمبێلی کارەبایی ڕێژەی 4% فرۆشتنی ئۆتۆمبیل بوو لە جیهان، بەڵام لە 2023ـدا گەیشتووەتە ڕێژەی 18%، واتە ڕێژەی 14% لەماوەی کەمتر لە سێ ساڵ زیادیکردووە.

ئێستا، ئەوەی بەڕوونی دەردەکەوێت تای هەردوولایە بە پرۆسەکەیە. نە باشکردنی گوزەرانی ئەوانەیە کە وزەی پێویستیان نییە وەک ئەوەی کە ئۆپێک دەیڵێت، هەروەها وەک ئەوەش نییە کە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە هۆشداریی لەبارەیەوە دەدات، بەتایبەتیش گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، چونکە پرسەکە پارەیە و پرسی بردنەوەی شەڕێکی گەورەی مێژووییە لە بواری وزە، کاتێک وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە سێپتەمبەری 1960دا ئۆپێکیان ڕاگەیاند و ویستیان کۆنترۆڵی ئاسایشی وزە، بەتایبەتیش نرخی نەوت بکەن، لە بەرامبەردا وڵاتانی بەکارهێنەرانی وزە لە نۆڤمبەری 1974دا ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەیان دامەزراند بۆ زامنکردنی ئاسایشی وزە و هاریکاری یەکتری بەتایبەتیش لەسەردەمی قەیرانی وزەی 1973 و ئابڵۆقەی نەوتی وڵاتانی ئۆپێک بۆ سەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی.

هەر بۆیە ئێستا جیاوازییەکە بەشێوەیەکە کە ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکردنی نەوت (ئۆپێک) دەڵێت "بەکارهێنانی نەوت نەک کەمنابێتەوە بەڵکو فریای وەبەرهێنان لەم کەرتەدا ناکەوین، بە بڕی 14 تریلیۆن دۆلار یاخود 610 ملیار دۆلار ساڵانە لە کەرتی نەوت، ئەوا تووشی کەمیی خستنەڕوو و ناجێگیریی بازاڕ دەبینەوە"، بەڵام ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە (IEA) پێچەوانەی ئۆپێکە و ئاماژە بە قۆناخی کۆتاییهاتنی بەکارهێنانی نەوت دەکات پێش ئەوەی ماوەیەی تەنانەت خۆیشی پێشبینی کردبوو.

ئۆپێک و IEA پێشبینییەکانیان بۆ مامەڵەی نزیکمەودای نەوتیش جیاوازە، بەجۆرێک ئۆپێک دەڵێ "لە 2024دا خواست بۆ نەوت بە بڕی سەروو دوو  ملیۆن و 250 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیاد دەکات"، لەبەرامبەردا IEA دەڵێت "خواست بۆ نەوت لە 2024دا تەنیا بە بڕی 800 هەزار بەرمیل زیاد دەکات"، لەکاتێکدا جیاوازییەکە 1 ملیۆن و 450 هەزار بەرمیل نەوتە. با چاوەڕوانی ڕۆژانی داهاتوو بکەین، بزانین لێکەوتەکانی کۆپ 28 و بڕیارەکەی ئۆپێک لەسەر نەوت چی دەبن، کە کار دەکەنە سەر هەردوو بەرەی بەکارهێنان و بەرهەمهێنەرانی نەوت.

## سەرچاوەکان:


IEA (2023), World Energy Outlook 2023, IEA, Paris https://www.iea.org/reports/world-energy-outlook-2023, License: CC (BY 4.0 (report); CC BY NC SA 4.0 (Annex A

IEA (2023), The Oil and Gas Industry in Net Zero Transitions, IEA, Paris https://www.iea.org/reports/the-oil-and-gas-industry-in-net-zero-transitions, License: CC BY 4.0

The WOO 2023 is available for download on the OPEC website and via two digital interfaces, the OPEC WOO App and a comprehensive interactive version, which can be accessed at woo.opec.org